لەم دۆزەخە
وەرەدەرێ
چ شێتییێکەخەنی کردووی لەناو دلی ئەم ئاگرەدا
وەرەدەرێ و
حەزەکانت بەو ماچانەئاشکراکە
کەزۆر بەدزی لەتاریکی ئەمانچاندن
بەبیرت دێ
چۆن دەرگا شاردراوەکانی ئاسمانمان دۆزیەوە
چۆن بێ شەرم
سەرمان ئەکرد بەهەموو پەنچەرەکان
مۆمەکانمان بەئاگری ئەم دۆزەخە
داگیرساند و
پەنچەمژین دەرگای لەرێسمەبرد
ئەم بارانەت بەبیر ماوە
بێ ئەمری خوا
دەریای شینی پڕکردەوە
خەونەکانتی وەکو روحت تەڕ و
وەکو دلت نەرم ئەکرد
ئەو بارانەی
چاوەکانتی بردەمالی دۆلفینەکان و
وێنەی سەمای ماسیەکانت لەوێ کێشا
هەر ئەو باران ئاشنای کردی
بەمالی گول
بەفرینی ئەو خۆزگانەی
ئەخولانەوەبەدەوری با
ئەم بەیانیەم لەبیر ناچێ
لەنێو لێوەکانت کەبوومەماچ
هەناسەکان پێیان ووتم
خوا ئەلێرەلەدایک بوو
ئەو ئێوارەیەم لەبیر ناچێ
هەر ئەو باران تەڕی کردین
تەڕی کردین
وەک مێرگی ئەو کوێستانەی
خۆشەویستی لێ سەوز بوو
وەرەدەرێ
وەرەدەرێ لەدوکەلی ئەو دۆزەخەی
بەئارەقەی ویستەکانمان خەفەمان ئەکرد
بەسە
بۆنسۆی ئەو رۆژانەی هەتاو لەبێ شەوی ئەیسوتاندن
با وەک جاران
نامەکانت بەئەستێرەی پەیام

بێنەوەلام
کەنەدا

٢٧ی ٧ی ٢٠٠١